کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 24-4-2007 0:50

## یەکێتی ژان بۆ بێدەنگن؟؟ ... نەسرەت

زۆر ڕێکخراو هەن خۆیان بە داکۆکی کەر لە مافی ئافرەت دەزانن و باسی مافی ئافرەت دەکەن لەسە



هەموویانەوە هەردوو ڕێکخراوی یەکێتی (ژان) ژنان و یەکێتی ئافرەتان کەتەنها بە ناو بەرگری لە ئافرەت دەکەن بۆیە دەتوانین بڵێین ڕێکخراوی درۆو دەلەسە و هیچی تر. ئەگەر ڕێکخراوی بەرگریکەرن لە مافی ئافرەتان بۆ لە کوشتنی (دوعا خەلیل) خۆتان بێدەنگ کرد تەنانەت بەیانامەیەکی نارەزایشتان بلاو نەکردەوە (. دوعا خەلیل) تەنها تاوانەکەی ئەوەبوو کە ویستی ژیانی هاوسەرێتی لە گەڵ گەنجێکی مسوڵماندا پێکەوە بنێن بەلام کەسوکاری دوعا کە ئێزیدین ئەمەیان پێ قبوڵ نەکرا بۆیە زیاتر لە 200 کەسی ئێزیدی دوعا بەردباران دەکەن و دەیکوژن وەرازیش نابن لە گۆڕستانی ئێزیدییەکاندا بنێژرێت. تەنها لەبەر ئەوەی ویستی ببێت بە ئیسلام و لەگەڵ کوڕێکی مسوڵماندا زەواج بکات. ئەمەیە گەورەترین تاوان دژی ئافرەتان ئایا ئەو ڕێکخراوانەی کە تەنها بە درۆ بۆ بەدەستهێنانی مەرامە گلاوەکانیان باسی مافی ئافرەت دەکەن. من لێرەدا دەپرسم ئایا دوعا خەلیل ئافرەت نییە وە مافی ئەوەی نییە کە خۆی هاوسەری ژیانی هەڵبژێرێت؟؟؟ وەلامی پرسیارەکەشم لای یەکێتی ژانە!!!

2007\4\23

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.